# الله چاکەکان وخراپەکانی نووسیوە، پاشان ڕوونی کردۆتەوە

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە پەروەردگاریەوە دەیگێڕێتەوە -تَبَارَكَ وَتَعَالَى-؛ کە (پەروەردگار) دەفەرموێت: «الله چاکەکان وخراپەکانی نووسیوە، پاشان ڕوونی کردۆتەوە، هەرکەسێك نیازی چاکەیەکی هەبێت وئەنجامی نەدات؛ ئەوا الله لەلای خۆی یەك چاکەی تەواوی بۆ دەنووسێت، وئەوەی نیازی لەسەر هەبێت وئەنجامی بدات؛ ئەوا الله لەلای خۆی دە چاکەی بۆ دەنووسێت هەتاوەکو حەوت سەد هێندە هەتاوەکو چەندەهای زیاتر، وئەوەی نیازی لەسەر کردنی خراپەیەك هەبێت ونەیکات؛ ئەوا الله لەلای خۆی یەك چاکەی تەواوی بۆ دەنووسێت، وئەوەی نیازی لەسەر هەبێت وبیکات؛ ئەوا الله یەك خراپەی لەسەر دەنووسێت».

[سەحیح - ڕاست] [رواه البخاري ومسلم في صحيحيهما بهذه الحروف]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خوای گەورە بڕیاری قەدەری دا لەسەر چاکە وخراپە پاشان چۆنیەتی نووسینیانی ڕوونکردەوە بۆ ئەو دوو فریشتەی سپێردراوی نوسینی کردەوەی خەڵکین هەرکەسێک مەبەست و خواستی لەسەر کردنی چاکەیەک بێت ونەیکات ؛ یەک چاکەی بۆ دەنووسرێت، وئەگەر بیکات بە دە هێندە بۆی دەنووسرێت هەتاوەکو حەوت سەد هێندە وزیاتریش، و زیادکردنەکە بەپێی ئەوەی لەدڵی بەندەدایە لە دڵسۆزی وسوود گەیاندن وهتد. وهەرکەسێک مەبەست و خواستی لەسەر کردنی خراپەیەک بێت ونەیکات لەپێناو خوای گەورە؛ چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت، وە ئەگەر نەیکات بەهۆی نەبونی دەرفەتێک؛ ئەوا هیچی بۆ نانووسرێت، وئەگەر نەیکات بەهۆی بێ تواناییەوە بەڵام نیەتی وابوو کە بیکات ؛ ئەوا نیەتەکەی لەسەری دەنووسرێت، وئەگەر خراپەکە بکات ؛ یەک خراپەی لەسەر دەنووسرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66533